**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ١٤١٣٣ لە ٢٠٢٥/٥/٨**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەموارکراو تایبەت بە فراوانکردنی گوندکان و گواستنەوەی شوێنیان، وە ئاماژە بە هەردوو نووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٥٥٠) لە ٢٠٢٥/١/٢٦ و (٢١٨٩) لە ٢٠٢٥/٤/١٣ ودوا بەدوای نووسراومان ژمارە (٦٧٣٨) لە ٢٠٢٥/٢/٢٥ ، وە لەبەر بەرژەوەندی گشتی، بڕیارماندا بە:

**بەیانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٥**
**هێنانەکایەی گوندی (کەلەک یاسین ئاغا)**

**یەکەم:** هێنانەکایەی گوندی (**کەلەک یاسین ئاغا**) و چەسپاندنی لە سەر نەخشەی گادسترۆ بەپێی ماددەی (یەکەم /٦) لە ڕێنمایی سەرەوە لە ناحیەی کەلەک / قەزای بەردەڕەش لە سنوری پارێزگای دهۆک بە ڕووبەری (٨٩، ٢٢، ١٦) شازدە دۆنم و بیست و دوو ئۆلک و هەشتا و نۆ مەتر دووجا لەسەر پارچە زەوەی ژمارە (٨) لە کەرتی (١٢٢/ ئەسکی کەلەک) وەک لەنەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆک لە سەرەوە هاتووە بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ١٤١٣٤ لە ٢٠٢٥/٥/٨**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ ی هەموارکراو تایبەت بە فراوانکردنی گوندکان و گواستنەوەی شوێنیان ئاماژە بە هەردوو نووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٥٤٩) لە ٢٠٢٥/١/٢٦ و (٢١٩٠) لە ٢٠٢٥/٤/١٣ و دوابەدوای نووسراومان ژمارە (٦٤٢٨) لە ٢٠٢٥/٢/٢٣ ، وە لەبەر بەرژەوەندی گشتی ، بڕیارماندا بە:

**بەیانی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٥**
**هێنانەکایەی گوندی (ئازادی)**

**یەکەم:** هێنانەکایەی گوندی (**ئازادی**) و چەسپاندنی لە سەر نەخشەی گادسترۆ بەپێی ماددەی (یەکەم/٦) لە ڕێنمایی سەرەوە لە ناحیەی کەلەک/ قەزای بەردەڕەش لە سنوری پارێزگای دهۆک بە ڕووبەری (٥٥، ١٦ ، ٤٠) چل دۆنم و شازدە ئۆلک و پەنجاو پێنج مەتر دووجا لەسەر پارچە زەوەی ژمارە (٤٦ و ٤٧) لە کەرتی (١٢٢/ ئەسکی کەلەک) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆک لە سەرەوە هاتووە بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**